وەزارەتـــی نـــــاوخـــۆ
ئـــیدارەی گـــــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 3217
ڕێکەوت : 11 / 9 / 2024

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.18- 2024) تەندەری پرۆژەی

## (گەیاندنی کارەبا بۆ بەنداوی تۆرەجار)

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـــادەکراوە لە لایەن ( دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار ) , لەســـەر بـــودجەی ئاســـایی دابەشـــکردنی کارەبـــای کـــلار جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی تەنـــدەر . مـــاوەی جـــێ بەجێکردنـــی پـــرۆژەکە (45) چـــل و پێـــنج ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( چـوار شـەممە 11 / 9 /2024)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 26 / 9 / 2024) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیـانی تـا ( 11:00 ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کـاتی گەڕانەوەی تەنـدەر ڕۆژی (یەک شـەممە 29 / 9 / 2024) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:30)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .

- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 8 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2024) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نـوری عـبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**